# بەشداری لە ئاکسیۆنی سەراسەری
# بۆ ئازادی کەمالی سەید قادر بکەن!

**بانگەوازێك بۆ هاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ئازادیخوازان لە ناو جالیەی کوردی و عێراقی لە وولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستراليا!**

ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی 19-1-2006، بڕیارە لە وولاتانی ئەوروپا و ئەمریکاو ئوستراليا خۆپیشاندان بۆ بەردەم سەفارەتەکانی ئەمریکا بەڕێ بخرێت. ئەم خۆپیشاندانە لەلایەن (کەمپینی ئازادی بۆ د. کەمالی سەید قادر) بانگەوازی بۆ کراوە و ئامانجەکەی ئەوەیە کە فشار بۆ حکومەتی ئەمریکا بهێنرێ تا پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ناچار بکات لەوە زیاتر کەمالی سەید قادر لە زیندان ڕا نەگرێت و دەستبەجێ ئازادی بکات. وە بە کردەوە ڕێز لە ئازادی سیاسی و بیروڕا بگرێت.
حکومەتی ئەمریکا هێزی داگیرکاری عێراقەو بەرپرسیارە لە هەڵسوکەوتی پارتی و باقی هێزەکانی دیکەی هاوکارو ئەڵقە لەگوێی کە دەسەڵاتی کوردستان و عێراقی پێ سپاردوون! کەمالی سەید قادر زیندانی سیاسی وبیروباوەڕە و بە بڕیارێکی قەرەقوشی دادگای میلیشیایی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری(30) ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە!
دەبێ دەستبەجێ و بێقەیدوشەرت کەمالی سەیدقادر ئازادبکرێت. دەبێ ئازادیی سیاسی لە کوردستان و عێراقدا بەرکەماڵ بێت. دەبێ مافی ڕادەربڕینی ئازادانەو سەلامەتی ژیانی ناڕازیانی سیاسی لە کوردستان و عێراق زامنکراوبێت.
بانگەوازتان دەکەین کە بۆ ئازادی کەمالی سەیدقادرو لە پێناو سەپاندنی ئەو مافانە بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق لە خۆپیشاندانەکانی رۆژی پێنجشەممە 19-1-2006 لەبەردەم سەفارەتەکانی ئەمریکا لە وولاتەکانی خۆتاندا بەشداری بکەن.

**ئازادی بۆ کەمالی سەید قادر!**
**بژی ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی!**

**ڕێکخراوی دەرەوەی وولاتی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
2006-1-16